**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٨**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/١٢/٩**

# " بڕیــــار "

پشت بە حوکمی ماددەی یازدە لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بڕگە (٣)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و، لەسەر بڕیاری ژمارە (٢٤) ی ڕۆژی (٢٠٠٢/١١/٦) ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (٥٥) ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/٩) ی (خولی گواستنەوە)ی خۆیدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

**یەکەم:** قبوڵکردنی دەست لەکارهەڵگرتنی ڕێزدار (د. برهم صالح) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی.

**دووەم:** ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر هەڵسووڕاندنی ئەرك و فرمانی ئاسایی خۆیان بەردەوام دەبن تا پێکهاتنی ئەنجومەنێکی نوێ.

**سێیەم:** ناوزەدکردنی ڕێزدار (عمر فتاح) و، متمانە پێکردنیشی، ببێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی نوێی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**چوارەم:** ناوزەدکردنی ڕێزدار (عماد احمد سیفور) و، متمانە پێکردنیشی، ببێ بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**پێنجەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**